# کاڵبوونەوە



Ahmadali525@hotmail.com

**ئەحمەد عەلی**

ئایاری2002

**بۆهاوڕێ غەریبەکەم عەزیز عەلی**

**کاڵبەرەوە لە عیشق هاوڕێم**
**با خاڵی بیتەوە لەم قەترەی عەزابانە**
**دڵۆپێك هی ناکامیەکانی دوێنێ**
**دلۆپێك هی شکستەکانی ئەمڕۆ**
**ڕووبارێك لە عەدەموو فەنابوونی سبەینێ ؛**
**لەم کۆڕەوی لەحزانەداو تۆبەم ڕەنگانەتەوە**
**تابلۆیەکی پڕمانا نانوێنی**
**تارمایی بیرەوەریەکان**
**پەنای تەمەنێکی لێواولێو**
**بەزینوو دۆڕانوو خەسارەت ناداتوو**
**تۆش جێگەی ئەك ئەفسووسانەت تیادا نابێتەوە ؛**
**عیشق ئاوا.. لە حیکایەتەکانی خواوباوکم ئەچێ**
**کەس ناتوانێ قەساوەتی حەرفەکانی حینجە بکا**
**خەڵوەت بە دیار ئەو ووشانەی بە قسە نایەن**
**بەدیار ئەو ئیحساسەی کە جێگەیەك لە گەردوونە ناگرێ**
**مەودایەکی نزیك ترە لە سێبەری ساردی شکستێك تا ئەبەد ...**
**ئیتر هیچ ئاسمانێ قەبووڵی دووعاکانمان ناکا**
**چاوەڕانی باران لە وەرزێ**
**هێندەی هەناسەکانی تۆ هەور شك نەبا**
**وەرزێ ووشك چەشنی تەمەنت**
**ناوەخت وەکو زەمەنی من .. کلۆڵیە**
**لێگەڕێ..ئەم باڵانە کوا دەرەقەتی شەڕی ئەم ئاسمانە بێ کۆتاییە دێن**
**فورسەتێك بۆ هەناسە بێڵەوە**
**تا نەزاهەتێك لە با دا بێ**
**پێشی بیرچوونەوە بکەوە**
**تا ئاسەواری شوێن پێکانت کە جێماونوو**
**شایەتی ڕێگایەکی بێ ئومێدوو مەنزڵ دەدەن**
**بتگەیەنێتەوە بەو کەسەی نیازی ئەم سەفەرەی نەبوو ..**
**فەسڵێ.. لە ژێر گەڵای زەردوو لێزەمەوتۆفاندا وێرانبووبێ**
**بە ئێمە ئاوەدان ناکرێتەوە تازە ڕۆیی**

لێرە لەم مەسافە خەیاڵییەی نێوان تۆوخەونەکانت
کەپڕە لە هەلاهەلابوونی میهرەبانی
دەتوانی لە گەڵ هەناسەکاندا
گریانوو پێکەنین؛مەرگوو ژیان بژمێری ...
هاوڕێ هەمیشە دڵتەنگەکەم
ئێستا شەوان پڕ نیە لە نەخشەی هەڵوەشاوەو
پارچە پارچە بونی ئەو نامانەی کەس نەیخوێندنەوە
ڕۆژگاری حەوسەڵەی چاوەڕوانی فاڵگرەوەکان بەسەرچوو؛
لەوەنەیە نامەیەکی قەد کراوی پڕپرسیار بی
کاتێ لە هیچ لایەك وڵامێکت دەس نەکەوێ
سەرنج دە
هەناسەکان کورتترن لە مەودای هەڵوەرینی گەڵایەك بۆ سەر زەوی
دۆزەخەکان خاڵین لەو مەخلوقەی مانایان دا بە گوناه ...
عاقیبەت ئاسەوار دۆزێکی ناشی دەبین
بمانەوێ لە کونجی تاریکی ویژدانێکا
ڕەنگوو ڕوناکی میهرەبانی بدۆزینەوە
کارەسات لێرەدایە ؛لێرە کەناتوانین
پێناسەیەکی تازەتر بە حەسر بونمان بدەین ..
تا کاڵ نەبینەوە لە عیشق
تا باوەڕ بەو حەقیقەتە نەکەین پتەوترە
لە تەقەلا لەرزۆکەکانی منو تۆ
جورئەت ناکەین
هاورێیەتی بارانوو بـــا و
خۆمان لە گەڵا نازەنینەکانی خەونەکانمان بسوین
تۆ نازانیوو
بێجگە لە قرچەی شکانی دڵی حەزەکانم
کەس نازانێ چی دڵ ڕەقانە
دەستی قڵیشاوی سوالێ .. ماچێ ؛ بۆنێکم وتانکردۆتەوە
نازانم دەمویست چی لە گەڵ ئەم تەنهاییەم بڵێم ...
من سکالامە لە دەس ئەم هەموو ڕەنگانەی
جۆرێکن ؛بیرەوەریەکن لە شکستی عومرێك کە هی من نیە
ئەو ڕەنگانەی ڕوخساری ئەو دەڤەرەو
ئاسمانوو قوولایەکانی ناخی داپۆشیوە
ئەو ڕەنگانەی گەر کۆیان کەیتەوە

تابلۆیەکی ساردی ڕۆژهەڵاتیە
کە پڕە لە ئاینو چەقۆ کێشیوو داماوی ..
دەمەوێ ئەو گۆرانیانەم بیر چێتەوە
لە عەزابی نێو فرمێسکی چاوەکانی باوکم دەچن
ئەو ئاوازانەی ؛ ئاشنای کۆنی ئەو حەزانە بوون بون بە دووکەڵ
من لە چی شەڕێکی بێ ڕەحمانەدا بووم لە گەڵ خۆم
بۆ ئەوەی ئەسیری ئەم میحنەتە نەبم ...
پێ ناچێ چاوی خەواڵومان هێشتا
بە خەونو حەسرەتەکانی پێش لە دایك بوون شۆردبێو
دەمانەوێ بەو ڕەنگانەی لە شوێن پێی گەڵاکانی کاتی سەفەر دەچێ
تابلۆیە بکێشینو ماڵێ بێ بۆ ئارامیمان
چی دەردێکە کە ناتوانین چڕببینەوەو ببارین
ببارینوو بۆنی خاکوچاوەڕوانی ئێوارانو
کۆلانە خامۆشەکان تێکەڵ کەین
ببارینو بە نێو ڕەگو دەمارەکانی بونا ڕۆبچینە خوار
لەوێدا ئەو دەرگایە بکەینەوە
باوکمان عەیامێکە بە یەئسەوە لێی دەڕوانێ ...
حیکایەتی پیر بونی گوڵێك
دەلیلی بێ ڕەحمی زەمەنەو هیچی تر
هەموو شت لەو وەختەدا زیندوە کە باسی مەرگ دەکا
دواتر لە تەفسیرەکانی دایکم ئەچێ
بۆ ڕەفاقەتی منو باران ...
من دەمەوێ حیکایەتێ بگێڕمەوە
لە دوای مەرگم ئەویش دەمرێ
دەمەوێ باسی پەشیمانیەکت بۆ بکەم
شەوەهایەك خەڵوەتی بە دیار گەنجێتیمەوە کێشاوە
باسی برینێکت بۆ بکەم لە خۆتدا
نەزیفی ئەو نەزیفی تیشکێکە لە دڵتا
شوێنەواری وجود دەسڕێتەوە
دەستت لە خوێنی خۆتایەو
بە دیار مەرگتەوە ڕۆنیشتوی
دەتکوژێ هاوڕێم ئەم عیشقە ..

دەمەوێ کەسێ بێ
سادەتر لە حەقیقەتی تەقەلاو شەڕی عەدەم
پێی بڵێم خۆشم دەوێی
پێی بڵێم وەرەو
لەم وێران بونەی دوای جەنگی عیشقە
ئاسەواری شکستەکانم کۆکەرەوە
بەڵام هاوڕێ غەریبەکەم
شکامووئەوەی کە ئێستا دەیبینی
دواین پارچەی بە جێماوی تەمەنمە ...
من شەیدای ڕۆژگارە سەرکەوتوەکانی خۆم نیم بە سەر وەهمەکاندا
تەنیا دەمەوێ لە لەپی دەستێکما کۆیان کەمەوە
تا ڕەسمی جارانی خۆمم بیر خەنەوە ڕەسمی ڕۆژگاری پیرێتیم
تەنیا دەمەوێ ئیعتزار بۆ توانەوەی ئەو مۆمانە بهێنمەوە
بێ دەنگ بە دیار خەڵوەتەکانمەوە بون بو هەڵم
نازانم تۆ دەتەوێ چی بە حەرفە پەرشو بلاوەکانت بڵێی؟؟
چۆن ئەو ڕۆژگارانە کۆ دەکەیتەوە؟؟
فەزای عیشق بەم جۆرە
تەنگترە لە گۆلاوی خوێنی برینی گەلایەك
تا جێگەی داهاتومانی تیا بێتەوە
ئەگەر نەشئەیەك بە تێڕامانەکانمانوو
جوڵەیەك بە جەسەدی جیهانبینیمان نەدەین
لە گەرم ترین تاوی دڵمان
بەستەڵەکێك زیاتر چی تر نابین
عەوداڵبین بزانین لە چی سەردەمێکدا وونبوینوو
لە چی ڕۆژگارێکدا جێ ماوین
تێ فکرینێکی کوشندەیە گەرەکمانبێ
بە سادەیی لەم جەنجاڵیە بگەین
نە خوێندەوارین بمانەوێ
بە مناڵی یادی وەفاتی دەراوسێکانمان
لە دەفتەری زکرەیاتەکانمانا بنوسینەوە ...
لێرەوەیە بە هەر شوێنێ گەشتبین لەم سەفەرە
دەبێ ئاوڕێ بدەینەوەو لە خۆمان ڕامێنین
دەبێ ئیعترافی بە ئەبەدییوونی وەحشەت بکەین

گەر دڵ و فکرو پێکەنینەکان هەناسەیەکیان تێ نەگەڕێ
هێندەی هەڵفرینی باڵندەیەکوو
مەسافەی نێوان منو تۆ
بە قەد تەمەنی درێژی هەر عیشقێکمان
سەر زەمینێ لە تاسە هەڵدەوەرێ
هێندەی ژمارەی شەپۆلی ئەزەلی دەریایەك
خەیاڵەکان بەتاڵ دەبنەوەو
ڕووخساری ڕەنگ هەناری کچانیش زەرد دەبنەوە
هێندەی تێ پەڕینی نزایەك بۆ ئاسمان
جەرگی دایکانمان دەسوتێو
هەنسکو هەناسەی منالآنمان تێ کەڵ دەبێ
بۆیە منو تۆ
فریای کۆکردنەوەی تەمەنی پەرشو بلآوی خۆمانو
خەڵکیش تاقەتی وەیاد هێنانەوەی ئەسەفەکانیان نیە ؛
سوێند دەخۆم
پێویستمان بە زەمانێکی ترە تیایدا لە دایك بینەوە
یان زەمانێکی تر لە ئێمەدا
بە دیمەنێکی تر جیاواز لەوەی پێی حەپەساوین
بە دڵێکی تر
دەنا هەنیسکو هەناسەی میهرەبانی
پەنجەرەیەکیشمان بۆ ناکاتەوە لە دەرەوەی خۆمان بڕوانین
درزێك خۆمانی تیادا ببینین ...
لەوە حاڵی نین لە هیچ کێدا جێمان نابێتەوە
ئەوانە ڕێك ئاوازی پڕ مروەتی پەشیمانێکنو هیچی تر
بۆ ناتوانین وەرزەکان
وەرزی سەز بوونو هەڵوەرین بناسین ؟؟
ئاخر وەختێ خۆمان مشتێ بین لە غوبار
شەوقی چراکانیشمان
دەردی مەغریبێ ئاخوا هەموو شت بسڕێتەوە
دونیایەکە بە شکو ترسەوە دەڕوانێو
حەسارێکی گومانی بە دەوری خۆیدا دروست کردوە
من تەنیا دەمەوێ قسەیەکت پێ بڵێم
پێت بڵێم
زاکیرەی پیرێتیمان بیرەوەریەکی مناڵیمان بیر ناخاتەوە

پێت بڵێم
عیشق ڕەسمێکە لە ئارامیو ئومێد
نەخشەیەکە لە ژیانو تەقەلاو شۆڕش
گۆڕاین هاوڕێ غەریبەکەم گۆڕاین
لەوێ بە دیار خورافەی خەیاڵی خەونەکانمانەوە
خەریك بوو دەکەتینە سەمایەك
جەستەمانی تیادا هەلا هەلا دەبوو
لێرەش سەمایەك وەك تلانەوەکانی پێش مەرگ
وردو خاشمان دەکا ...
بۆ ئەوسای ئێمە لێ نەگەڕا
تەنیایی لەحزەی ئارامی ناوەختێکمان بێ
ئەوە چی تارماییەك بوو نەیهێشت تاوێ
سۆماکانمان لە گە ڵ جریوەی ئەستێرەکاندا ئەویندار بکا ؟
چی هەرەسێ بوو
مەستی بادە خاڵیە کانی کردین ؟ ...
ئەم چەن حەرفە دەبێ تەفسیرێکی ترمان بۆی هەبێ
هەرگیز ئەو مانایەی نەبەخشی
بڕۆین خۆمان لە ژێر ڕێژنەی تێ فکرینەکانماندا هەڵخەین
گیانی ئێمە تیشکێکی گەرم تر دەخوازێ
نیگاکانمان حەپەساوە بەم ڕووناکیەی
باسی تاریکیمان بۆ دەکا
بپرسە ؛بۆ هەمیشە پادشای مەملەکەتێکی چۆڵ بووین لە مەستیماندا
بۆ هەمیشە لە شاری ئومێدداماڵێکمان هەبوو
پڕلە هاوارو برینمان
ماڵێك بە تەنهایی تیایدا مردین ..
رکەوت نەبوو وەها بیرمان دەکردەوە
ئێمە لە قەراغ تێگەشتنە یاساغەکانەوە
لەو دیو پەنجەرەیەکی تەڵخەوە دەمانڕوانی
کە نەدەکرا ئەو حەقیقەتانە ببینین کە نەدەبینرا ؛
تەنهایی مرۆڤ ناچار دەکا بزەیەك بە فریاد ڕەسێ بزانێ
لەو جێگایەی کە هەست بە بوون ناکرێ
باوێشکی گیایە؛ڕاچەڵەکینی بەردێ دەبێتە ڕەمزی بوون
وابوین بۆیە لە شوێنێکی تر بۆ خۆمان دەگەڕاین
گەڕانێکی بێ فایدە کە لەواندا نەبوین

**ئەوان بێ ڕەحم تر لە جاران ناوی خۆشیان بیر چویەوە**
**ئەوان کە کەوتنە خانەی نسیانەوە ؛**
**هەنوکەش کە مەوج دەدەین**
**دەبێ لە کەنارێکا بگیرسێینەوە**
**کاشکا لە دڵۆپێ باران بچوینایە**
**کاشکا ڕەنگی ئاوو هەورمان گرتبا**
**تا بەو ڕەنگە سادانەوە زەحمەتی کەسمان نەدایە لێمان تێ بگا ...**
**بۆ لە سوتانەکانمان ئەسەرێ نەمایەوە**
**بۆ قسەکانی دڵمان با بردنی**
**بۆ عالەمێکمان خۆشویستوو باوەڕیان نەکرد**
**باوەڕیان نەکردوو بە گومان بوون نەك لە عیشق**
**لە نزای گەڵاکانی پایزو بەرائەتی منالّی ؛**
**ئەم هەتاوە نە لای ئێمەوە هەڵهاتوو نە ئاوا بوو**
**هەر دەمانتوانی شایەتێکی ڕاستگۆبین**
**بۆ گێڕانەوەی ئەوانەی بە سەرمان هات**
**ئێستاش دەتوانین**
**ئاوازێ بچڕینوو دوا نامەی خۆمان بنوسینەوە ...**
**ڕۆژگارەکان ؛ پڕن لە وەهم پڕن لە مەرگ**
**پڕن لە شکستی عاتیفەو لە هەڵوەرینی هەناسەو**
**لە پاسەوانی نیگاکان**
**لە ئاوەها زەمانێکا چۆن عیشق نابێتە ماڵێکی ساردوو سڕ ؟**
**ئـــــــاخ**
**لە تێڕوانینی گەڵایەکی هەڵوەریوەوە بۆ ژیان کۆتاییەکی ئەبەدیە**
**بـــا لە حەپەسانی چرۆیەکەوە دەس پێ بکەین**
**بەرامبەر سۆزی بارانوو میهرەبانی هەتاو**
**بـــاخۆمان لە ئەوسا ڕزگار کەین**
**بۆ ئەوەی لە بیری داهاتوو نەچینەوە ❋**